عومرەکارەکی کورد لە ساڵی نوێدا لە مەدینە کەچی دوایی کرد



وتەبێژی حەج و عومرەی هەرێم رایگەیاند، یەکەم عومرەکاری کورد لە ساڵی 2026 دا لە شاری مەدینەی پیرۆز بەهۆی نەخۆشییەوە کەچی دوایی کرد.

﷽

کاروان ستونی، وتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی گشتیی حەج و عومرەی هەرێم بۆ ئۆن ئاڵ تی وت، عومرەکارەکە ناوی فاتیمە هاشم سلێمان، تەمەنی 41 ساڵ و خەڵکی ناحیەی بجیلە لە ئاکرێی پارێزگای دهۆک.

ئاماژەی بۆشکردووە، هەکاری گیانلەدەستدانەکەی دەگەڕێتەوە بۆ تەکچوونی باری تەندروستی، کە بەهۆیەوە ناوبراو بۆ ماوەی 10 ڕۆژ لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی شاری مەدینە لەژێر چاودێریی پزیشکیدا ماوەتەوە، بەڵام دواجار ئەمە گیانی سپارد.

سەبارەت بە رێکارەکانی بە خاکسپاردنیشی ئاشکرای کرد، دوای گفتوگۆکردن لەگەڵ کەسوکاری کەچکردوو و وەرگرتنی ڕەزامەندییان، بڕیار دراوە تەرمەکەی نەگەڵنرێتەوە بۆ هەرێمی کوردستان و هەر لە شاری مەدینە بە خاک بسپێردرێت.